# مەلا، ڕۆژانی تەنگانە!

عەباس شوان - فینلاند

هێزێکی سەربازی، وەک ئەوەی ئیخباریان بۆ هاتبیت، گەمارۆی دێیەکیاندا، بەبێ مقاومەت و ئاسانی شوێنە ستراتیجییەکانیان گرت، کە زانیان هیچ نییە، سەردەستەکەیان بەیاوەری چەند سەرباز، دەست لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگ، بەخشکەیی خۆیان بەکۆڵانەکاندا کرد.
دێیەکە کشوماتییەکەی نەما، لەهەر چوار لاوە سەگەڵ دەستیان بەوەڕین کرد، تا دەهات دەنگیان بەرز وبەرزتر دەبووە، سەگوەڕی زەلام بوو.



چرا کزەکان لەپەنجەرەکانەوە ڕۆشنایی زیاتریان تێکەوت، خەڵکی بەگەورە و بچووک، پیر و جوان، ژن و پیاو دڵیان داخورپا. ئەو پیاوانەی پشتیان لێکردبووە، یان جلی سوکی خەویان پۆشیبوو، خۆیان پێچایەوە، دەنگی ئەوانەی نێو کۆڵانەکان جۆرێک بوو، بەزمانێکی دی قسانیان دەکرد، بۆیان دەرکەوت سەربازە چەتەوڵەکان حکومەتە و داویانە بەسەر دێکەیاندا.

دیارە بۆنیان کردووە، بۆیە بەم نیوە شەوە سەروفەساڵی ناشیرینیان پەیدا بووە. چەند کەس لەئەهلی ئاوایی، بەدەنگ سەربازانەوە چوون، بەڵام ئەو قسانەی بەرەوڕوویان کرا بێجگە لەیەک دوو وشە، هیچی تری لێ تێنەدەگەیشتن، کە بۆچی هاتوون و گەمارۆی دێکەیان داون!
یەکێکی وتووریایان بۆ ئەوەی لەم شمڵی ڕەشانە تێبگەن و بزانن بۆچی هاتوون، دەنگی لەیەکێک کرد، بچێت مەلای دێ بهێنن و بە فریایان بکەوێت، گوایە ئەو لەهەموویان زاناترە، قورئان خوێنە، لەزمانی عەرەبی دەزانێت!

کە لەدەرگای مەلایاندا، جەنابی لەو فەتەنەیەی، سەگوەر خولقاندویەتی بێخەبەر بوو!
پیاوەکان خۆیان ناساند، لەودیو دەرگاوە پرسیار و هۆی هاتنەکەیانی کرد، لەوەڵامدا وتیان: عەسکەری عەرەبان هاتووە، ئێمە لێیان تێناگەین، نازانین چیان گەرەکە؟ تۆ عەرەبی دەزانیت و لێیان تێدەگەیت، بەڵکوو بێیت..
نەیهێشت قسەکەیان تەواو بکەن، وتی: کەی بەم شەوە وەختی عەرەبییە! بڕۆن بابە، وتم خوایە ئەبێ چی قەومابێت!